# وەفاداری و شۆڕش ئاگری داغ




بەڵگەنامە

2013-11-07

Source: Kurdistanpost.com

ڕزگار ڕانگور:

وەفاداری ناونیشانی کتێبێکە کە خانمی "یەشار ئیحسان نوری " وەک بیرەوەریەک لەژیانی خۆیدا نوسیوییەوەو بەر لەمردنی ئەو یاداشتە دەداتە برای هێژا کاک "ئەیووب بارزانی" و ئەویش لەگەڵ پێشەکییەکی پڕ لە چێژدا بە کاک ڕەحیم محەمەدی دەدات و ئەو هێژایەش وەریدەگێڕێتە سەر زمانی کوردی. منیش کاتێك کتێبەکەم خوێندەوە، ووتم مادام خێزانی ئیحسان نوری پاشا فەرماندە و ڕابەری شۆڕشی ئاگری داخ نووسیویەتی بەدڵنیایەوە وەک یاداشتی ڕۆژانە تۆمار کراوە، ئێمەش وەک کورد کەمترین بابەتمان لەسەر ئەو شۆڕشە خوێندۆتەوە بۆیە ئەمە کارێکی چاکە، کاتێکیش پێشیکییەکەی کاک ئەیووب بارزانیشم خوێندەوە، هەر بەتەما بووم لەناو پرسیارەکاندا کۆمەڵێ زانیاری لەسەر شۆڕشەکە و تێکشکانی دەست بکەوێت، کەچی من کەوتم بەسەر یاداشت و ڕۆمانێکی عاشقانەدا کە هیچی وای کەمتر نییە لە شیرین و فەرهاد و لەیل و مەجنون و لاس و غەزالەکەی لە مەڕ خۆمان. چیرۆکەکە وات لێدەکات بێوەستان لەخوێندنەوەی وەرس نەبیت، تا لەناو ڕووداوەکاندا وون دەبیت و بۆت دەر دەکەوێت کە لەسەرەتاوە ئەفسەرە کوردەکان چەندە خزمەتیان بە تورکان کردووە، بۆخۆی ئیحسان نوری پاشا ماوەیەکی زۆر لە ساڵەکانی ١٩١٠ تاک و نزیکی ١٩٢٠ هەر لەناو سوپای تورکیادا ماوەتەوە و بەشداری دەیان شەڕی کردووە و کەسێکی ئازاو جێگە دیار بووە. بەڵام کاتێک کتێبێک دەنووسێت بەناوی "تۆڵە" ئیتر ئەتاتورک بڕیاری گرتنی دەدات، چونکە هەست دەکەن لە ناو نامەکانیدا باسی سەربەخۆیی کوردستان دەکات. ئەم بیرەوەرییە زیاتر لەبیرەوەری عاشقێک دەچێت بۆ مەعشوقەکەی کە چی لە ناو بیرەوەرییەکاندا، وەفاداری کوردان و میوانداری و جوامێریان وێناکراوە، پاشان تاوانی تورکە فاشییەکان بەرامبەر گەلەکەمان چ بەرخوردێکیان هەبووە و لە شارەکاندا ژنە

کوردەکانیان بە دارەکاندا هەڵواسیوە و لەهەموو سەرە کۆڵانێك لاشەیەکیان هەڵواسیوە و سنگی ئافرەتانی کوردیان بەر گوللەداوە. پاشان باسی شاری "ئیغدیر" دەکات کە بەسەرکردایەتی "جاوید بەگ" چۆن لەگەڵ کوردەکاندا شارێکی ئەرمەنی خەڵتانی خوێن دەکەن. پاشان باس لە هامشۆکردن دەکات بەعەرەبانە و گالیسکە بەناو ئەو چیاو دۆڵانەدا. کچە تورکێک لەخێزانێکی خانەدان چۆن ئاشقی کورە کوردێکی سەرکردە دەبێت و هەموو شتێک لەپێناوی مەعشوقەکەیدا دەکات. نایشارێتەوە کە تورکەکان گاڵتە بەکوردەکان دەکەن و لەجێگەیەکدا پارێزەرێکی تورک بەدایکی یەشار خانم دەڵێ " خانمی ئەفەندی : زاواکەت بۆچی وای کرد؟ ئێمە کە هەمووومان خوێندەوارین، بەزەحمەت ئەم کورستانە بەڕێوە دەبەین. کوردە نەزانەکان کە لەچیا دەژین، چۆن دەتوانن بەڕێوەی بەرن ؟" یان لەجێگەیەکی تردا دەڵێت " هاوسەری ئەم خانمە ناپاکیی بە نیشتمان کردووە، ئەفسەرێکە بەسێدارە سزا دراوە. "

یەشار خانم گەرچی لەبیرەوەرییەکەیدا دەڵێ من سیاسی نیم، کەچی نەیتوانیوە ڕووداوەکان فەرامۆش بکات کاتێک لەشاری "ئەرجیش " دەبینێت جەندرمە تورکەکان سەرێکی پڕاویان بەدەستەوەیە و خەریکن بەبزمار بەدیوارێکدا هەڵی دەواسن. پاشان بۆی ئاشنا دەبێت کە سەرکردەیەکی کوردە بەناوی شەریف بووە بە بریناری دەگیرێت و تورکەکان بۆ چاو شکاندنی کوردە کان سەری دەبڕن و هەڵی دەواسن بەدیواردا.

پاشان تورکان بە زۆر لەڕێگەی مەلایەکەوە یەشار خانم تەڵاق دەدەن و دوایش دەڵێن دەبێ وازی لێبێنیت، گەر چی ئەو دەڵێ لە شەریعەتی ئیسلامدا تەڵاق بەدەست پیاوە. بەڵام بەگوێی ناکەن.

پاشان دوای سەرکوتکردنی شۆڕشی دەرسیم تورکان لە کوردستان لێبوردنی گشتی دەر دەکەن. دەڵێ هەمیشە بۆ کوردان مێژوو دووبارە دەبێتەوە. ئێمە لەدوای ئاش بەتاڵەوە شاهیدی چەندین لێبوردنی گشتی بووین، ئەمەش هەمان شێوەیە ئیتر پێشمەرگەکان بەچەکەکانیانەوە دێنەوە سزا نادرێن، لەهەندێ جێگە پاداشتیان دەکەن. ئەو دەمە ئیحسان نوری پاشا پڕوای بەلێوردی ڕژێمی تورکان نایێت و سەرکردایەتی شۆڕشێک دەکات و دەبێتە فەرماندەی سەربازیی. لەتەمەنی ئەو چاوەڕوانییەدا یەشار خانم دوو نامەی لە ئیحسانەوە پێدەگات، پاشان ئەو نامانە هیوا و ئومێدی دەدەنێ و پڕوای بەخەویش هەیە، گوایە پێغەمبەر دێتە خەوی، گەر چی زیاتر لەچیرۆکێکی خەیاڵی دەچێت بەڵام، چێژی زۆری تێدایە، پاشان بەرەو حەڵەب دەکەوێتە ڕێی، لە ناو کورداندا دایک زیاتر دوای کوڕ دەکەوێت، کەچی دایکی یەشار خانم کچەکەی جێناهێڵێت و لەگەڵیدا دەبێتە هاو سەفەر و لەوێوە لەڕێگەی ڕێکخستنەوە (خوێبوون)، لای ئاغایەکی کورد لەماڵێکدا دەمێنێتەوە، ژنە نەخوێنەوارەکەی ئاغا بەهەڵە لەم خانمە تێدەگات، وا دەزانێت مێردەکەی هێناونی و هەردووکیان لە خۆی مارە دەکات، ئەمە زیاتر چیرۆکە کە خۆشتر دەکات، کە ناهوشیاری لە چ ئاستێکدا خۆی مەڵاس داوە، دوا جار بۆ موسڵ و دوای بەغداد و پاشان خانەقین و کرماشان و تەبرێز دەچن، لەوێشەوە یەشار خانم دوای سەفەرێکی دوور و درێژ و پڕ ڕووداو و هەوراز و نشێوو دەگاتە لای ئیحسانی هاوسەری ئیتر لێی جودا نابێتەوە تامردن، ئیحسان دوای شکستی و ڕوخانی شۆڕشەکەی ماوەی ٤٦ساڵ وەک پەناهەندە لە وولاتێکی تری دوژمندا ئۆقرە دەگرێت. ڕۆژێک ماتۆڕ سوارێکی نادیار لە تاران لەو سەرکردە کوردە دەدات و دەیکوژێ. پیاو کە چیرۆکی ئازایەتی ئەو خانمە دەخوێنێتەوە، پاشان کە لەگەڵ کاک ئەیووب بارزانیدا قسە لەبێدەنگ بوونی خۆی دەکات لەئاستی مردنی مێردەکەیدا و نایەوێت یان ناوێرێت دوای ئەوە بکەوێت کە داخۆ ئەوە ساواکی ئێران بووە کوشتوییەتی یان نا؟چونکە لە چاوپێکەوتنەکەدا ئاماژەی بەوە داوە، کە هەمیشە لەژێر چاو دێریدا بوون. پرسیارێکی تر کە خوێنەر ڕوو بەڕووی دەبێتەوە ئەوەیە داخۆ ئیحسان نوری پاشا ئەو هەموو ماوە زۆرەی لە ئێراندا ماوەتەوە بۆچی رۆڵێکی لە دامەزراندنی کۆماری مهابادا نەبووە؟ یان چۆنە ڕووی نەکردۆتە ئەوروپا؟ یاخود بۆچی بەشدار نەبووە لەگەڵ شۆڕسی باشوردا و کەچی ڕۆژێک لەخەمی ئاشبەتاڵدا شۆک دەکات و بەژنەکەی دەڵێ مەرگی شۆڕشێکی تریشم دی و پێشمەرگەکانم دی لەتاران بەسەر شەقامەکاندا وەربوون بێخودان.

ئەم بیرەوەرییە، شایستەی خوێندنەوەیە، چونکە، مێژووییەکە پڕیەتی لە ڕووداو و وێنەی ئەو سەردەمە و دڕندەیی تورکان و سادەیی کوردان و ڕۆڵی دین و کۆمەڵێک پرسیار دەوروژێنێت، کە بەڕاستی دەبێت هەڵوێستەی لەسەر بکەین، وا نزیکی زیاتر لە ٨٠ساڵ بەسەر ئەو ڕووداوەدا ڕۆیشتوە، کەچی کورد هەمان کوردە و هیچ دەرسمان لەمێژوو وەر نەگرتوە.

وا لەخوارەوە بیبلۆ گرافیایی ئیحسان نوری پاشا دەنووسمەوە کە سەرکردەیەکە کەمترین قسەی لەسەر کراوە، کەچی لە زۆر سەرکردە و ڕابەری ڕاپەڕینەکانی تر مەیدانی تر و بەجەرگ تر بووە.



ئیحسان نوری، کوری عەلی قولی پاشا، رابەری شۆرشی ئاگری داخ، لە ساڵی 1893 لە گەڕەکی (ئالی گوڵی-عەلی قولی) شاری (بەدلیس) لەدایکبووە. پۆلەکانی خوێندنی سەرەتایی هەر لەم شارەدا تەواو کردووە، دواتر بۆ تەواوکردنی خوێندنی بەرزی سەربازیی روویکردۆتە شارەکانی (ئەرزنجان و ئەستەنبوڵ)ی ئەو کاتە و لە ساڵی 1910دوای خوێندنی سەربازیی بۆ یەکەمجار لە ریزەکانی سوپای عوسمانی دا بوو بە ئەفسەر. ئیحسان نوری پاشا، بەشداری زۆربەی ئەو شەڕانەی کردووە کە سوپای عوسمانی لە (ئەلبانیا) و وڵاتانی عەرەبیو وڵاتی گورجستان دژ بە سوپای روس بەرپای کردوون، تەنانەت وەك ئەفسەرێك لە سوپای عوسمانلی دا ماوەی (33) مانگ لە (یەمەن) ماوەتەوە و گەلێک کار و لێپرسراوێتی سەربازیی پێسپێردراوە.
دوای ساڵی 1908 واتە ئەو کاتەی (کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقی) دەسەڵاتی تورکیایان کەوتەوە دەست، ڕێگا خۆش بوو بۆ پێکهێنان و کردنەوەی گەلێك رێکخراو (ئیحسان نوری پاشا)ش وەکو کەسێتییەکی کورد لەو دەمەدا پەیوەندی کرد بە(کۆمەڵەی تەعالی کوردستان)ەوە، کە هەر لەو کاتە بەدواوە دامەزرا.
لەو ماوەیەشەوە کە وڵاتانی هاوپەیمان لە رێکەوتننامەی (سیڤەر)ی 10ی ئابی 1920، بەڵێنیاندابوو قەڵەمڕەوییەکی کوردی سەربەخۆ بەپێی بەندەکانی (62-63-64) دابمەزرێت و دواتر لێی پەشیمان بوونەوە، ئیحسان نوری پاشا هەوڵیدا پەیوەندی بکات بەو شۆرشو راپەڕینە کوردیانەی کە ساڵانی دوای جەنگی یەکەمو دوای بەجێنەهێنانی بەندەکانی سیڤەر لە ناوچەکانی کوردستاندا سەریانهەڵدا، ناچار بوو، پەنابباتە شام و لەوێوە بۆ باشووری کوردستان، لێرەش ئەو دەمە کاروبار بەدەستی ئینگلیزەوە بوو نەیدەویست هاوکاری سوپای ئینگلیز بکات، بۆیە بە ناچارییەوە پەنای بردۆتە بەر رۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵام کاتێ شۆرشی شێخ سەعید دەستپێدەکاتەوە لەگەڵ چەند کەسییەتییەکی تر دەچنەوە تورکیا بە مەبەستی پەیوەندی پێوەکردنی. دوای دامرکاندنەوەی ئەو شۆرشە دووبارە دێنەوە باشووری کوردستان و دواتر دەچێتە لای سمایل خانی شکاك.
کاتێك (کۆمەڵەی خۆیبوون)ی کورد لە لوبنان دامەزرا، ئیحسان نوری پاشا جارێکی دی لە رۆژهەڵاتی کوردستانەوە دەگەڕێتەوە باکووری کوردستان و لەگەڵ چەند سوارەیەکی کورد دا بەبڕیارێکی هەمە لایەنەی خۆیبوون رابەرایەتی شۆرشی (ئاگری داخ) دەکات. پاش شکستهێنانی ئەو شۆرشە ئیحسان نوری پاشا پەنا دەباتەوە بەر ئێران بۆ ماوەی 46 ساڵ تا رۆژی کۆچکردنی لە رۆژی 25ی مارتی 1976 دا بە ئاوارەیی لەو وڵاتە دەمێنێتەوە.